# پشتگیری لەمانگرتنی مامۆستایانی هەولێر دەکەین!

ئەمرۆ 2007/10/1 نزیکەی دوو هەفتە تێپەر دەبێت بەسەر کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان لە کوردستاندا ,بەلاّم زۆربەی زۆری قوتابخانەکانی دەووروبەری شاری هەولێر لە بەرێوبەرایەتیەکانی پەروەردەی (هەولێر2 ,دەشتی هەولێر ,خەبات, شەقلاّوە)تا ئیستا خوێندنی لێنەکراوە و مامۆستایان نەچونەتە هۆلەکانی خوێندن چونکە تاکو ئیستا پاسی هاتووچۆکردنیان بۆ نەگیراوە و مامۆستایانیش لەم وەزعیەتە ناخۆشەی ژیانیان ناتوانن بەردەوام بن لەسەر دەوام کردن کە لە سالاّنی پێشووتردا لەسەرەتای دەوامدا پاسیان بۆ ئامادە دەکرا سەرباری کەمووکورییەکانیش ,بەلاّم مامۆستایان خۆیان لەگەلّیدا گونجاندبوو.

خەلّکی کوردستان لە ناویشیاندا توێژی مامۆستایان و موچە خۆران لەگەلّ ناخۆشترین وەزعیەت و گوزەراندا بەرەو روون و کەمی مووچە لەبەرامبەر گرانی بازار و زۆری پێداویستیەکاندا تەنگی پێهەلّچنیون و رۆژ لەدوایی رۆژیش کار لەسەر برسی کردن و بێ دەرەتانیکردنیان دەکرێت ,بۆ زیاتر پڕکردنی گیرفانی بەرپرسان و دەسەلاّتدران,بۆیە راگرتنی پاس بۆ مامۆستایانی دەووروبەری شار بەهیچ شێوەیەك جێگای قبولّ نیە و

دەبێت لەگەڵ توندترین نارەزایەتی مامۆستایان و قوتابیان بەرەو روو بێتەوە.

مامۆستایانی ئەمرۆی کوردستان بەدەست دەیان کێشەوە گیرۆدەن ,دارزیوترین و ئیفلیج ترین سیستەم و بەرنامەیان بەسەردا فەرزکردوون و بە ناچاریدا دەبێت پەیرەوەی بکەن و و نەوەیەکی کۆیلە بەرهەم بهێنن,لە ساکارترین ئامێرو وەسائیلەکانی پەروەردە و فێرکردن بێبەشن,لەبەرامبەردا کەمترین امکانیاتیان خراوەتە بەردەستی و بە کولە مەرگی دەیگوزەرێنن و مووچەی چوار مانگیان ناکاتە کرێی مانگێکی خانویەکی دوو ژووری,جا ئەمە دەبێت چ شێوازێك بێت لە ژیان کردن؟! بۆیە دەبێت ئەم مانگرتنەی ئەم جارە هەنگاوێك بێت بۆ کۆکردنەوە و هێزەکانمان و یەکگرتوو کردنی ریزەکانمان بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئینسانی بۆ مامۆستایان و سەرجەم خەڵکی کوردستان و ئیمەش بە هەموو شێوەیەك لەگەڵتانین و هاوسەنگەرتانین بۆ سەرکەوتنی مانگرتنەکەتان و جێبەجێکردنی سەرجەم خواستەکانی مامۆستایان.

**کۆمیتەی هەولێری**

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق**

**2007/10/1**